

# حیکایەتی  هەورە ڕەشەکان


جەعفەری حەسەنپوور


2009.02.23

بەشی دووەم، کوتی یەکەم: **کورتەیەک لەژیانی مەرزە جەوانمەرد**

## -1-2پێشەکی

بەشی یەکەم لە (2009.02.19 )– دا بڵاوبووەتەوە.

ئەمڕۆ کورتەیەک لە ژیانی مەرزەخانم بڵاو دەکەمەوە و لە بەشەکانی دیکە وڵامی ئەو بۆ چەند پرسیار کە لێی کراوە .

شێوەی کارەکە ئاوایە کە من بەتەلەیفون پرسیار دەکەم لە مەرزەخانم و ئەویش وڵامەکەی خۆی دەنووسێ و بۆم دەنێرێ و، منیش دوای کەمێک ئاڵوگۆڕی چکۆلە بۆی دەنێرمەوە ؛ بۆ ئەوەی مەبەستی ئەو وننەکرابێ.

ئەم بەشە پاشکۆیەکی هەیە .

## -2-1-1 کورتەیەک لە ژیانی مەرزە جەوانمەرد لەزمانی خۆیەوە

"من ناوم مەرزە جەوانمەردە؛ لە( 23)–ی ئۆکتۆبری 1957 لە شاری مهاباد لە گەڕەکی ئەرمەنیان لە دایک بووم. بابم شێخ ئاغاییە و دایکم کاکاخاییە، باپیرم لە دایکەوە دوایین دارۆخەی مهاباد بووە. بە داخەوە من زۆر بابم بە لەش ساخی وەبیر نایە، من 9 ساڵ بووم بابم مرد و، بابم بەر لە مردنی 5 ساڵان لەماڵێدا لەسەر جێگایە کەوت بوو. بابم سەواددار ،ئەدیب، خەتخۆش و کوردپەروەر بوو. بابم لە جێژنی سەربەخۆیی کوردستان لە نەغەدە (سندوس)، شیعرێک لە شیعرەکانی خۆی خوێندبووەوە کە لە کوردستانی ژمارە (35)–ی ساڵی( 1946)–دابڵاوکراوەتەوە. هەروەها حەڤدەهەژدە ساڵە بووم کە دایکم مرد. دایکم هەرچەند سەوادی خوێندن و نووسینی نەبوو، بەڵام بە پێی ئەوەی بابم هەرچی دەیخوێندنەوە بۆ ئەویشی دەگێڕاوە و خۆشی زۆر گوێی دەدایە ڕادیۆ، ببوو بە ژنێکی تێگەیشتوو و بە ئاگا. دایکم کەمێک شارەزای فارسی و زمانی جوولەکان بوو و، زمانی تورکی و ئەرمەنی بە باشی دەزانی. دەبێ بڵێم زۆر جاران کە قسەکانی دایکمم وەبیر دێتەوە و، هەڵیاندەسەنگێنم

دەبینم ڕووحی قسەکانی بۆنی تیۆری فێمینیستانەیان لێدێ بۆ وێنە: ژن دەبێ بۆ یەکتر خوشکی دنیا و قیامەتان بن؛ ژن نابێ باسی ژن بکا ...

من دوای تەواوکردنی دوو ساڵ دەورەی ماموستایی لە شاری مهاباد، لە دێی دارەلەک دەستم بە کاری ماموستایی کرد، هەر هەمان ساڵیش دیپلۆمی ئەدەبیم وەرگرت. لە سەرەتاکانی 1979 ژیانی هاوسەریم لە تەک "قاسم ڕەیانی"، پێکهێنا .لە کورتە چیرۆکی "بۆخۆم بوو بۆخۆم"، کە لەسەر ئاشنایەتی خۆمانم نووسیوە (بۆخویندنەوەی چیرۆکەکە بڕوانە پاشکۆ).

سێ منداڵمان هەیە: "ئالا" لە 1980 لە دایک بوو، کە دوای وەرگرتنی مایستێری زانستی سیاسەت، ئەوە چوار پێنج ساڵە وەک بەرپرسی پێوەندییەکانی دەرەوەی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە باکووری ئوروپا کار دەکا."گەلا"، لە دایکبووی 1983، ئەویش هەر زوو دوای خوێندنی ئامادەیی یارمەتی ماڵی بۆ خوێندن لە بریتانیای پێبەخشرا و خوێندنی هەر لەوێ تەواوکرد، ئێستا وەک کارزانی ڕۆژهەڵاتی ناوین و ئەفریقای باشوور لە ئینگلستان کار دەکا .سێهەمین منداڵیشمان "ڕەوا"، کە بەم زووانە دەبێتە 18 ساڵ، جارێ هەر خەریکی خوێندنە و، موسیقای پێخۆشە .

من لە دوایین ڕۆژەکانی ساڵی ( 1986)–دا لەگەڵ دوو منداڵەکانم، دوای نزیکەی پێنج شەش مانگ بە ڕێگاوەبوون کەوتمە سوئێد. لە سوئێدیش دوای تەواوکردنی دەورەی سەرەتایی فێربوونی زمانی سوئێدی، دەستم کرد بەخوێندنی خولی سەرپەرشتیکاری باخچەیمندالان، دوای ماوەیەکی کورتکارکردن دەستم بە دەرسخوێندن کردەوە، ئەمجارە لە خوێندنگەکان: هەم وەک مامۆستای زمانی کوردی و، هەم وەک کۆمەککاری مامۆستایان کارم کرد،لە هەمان کاتدا زۆربەی خولەکانی زانست وتەکنیکی تەرجومەکردنم خوێندو تەواوم کرد .

بەداخەوە ماوەی سێ سالان بە هۆی ناسازیی جەستەیی لە ماڵێبووم .ئێستاش سێ ساڵە، دوای خوێندنی تایبەت، لە بەندیخانە لەتەک تاوانباران وەک یارمەتیدەر بۆ گەڕانەوەیان بۆ نێو کۆمەڵگا کاردەکەم. وێڕای ئەوەش دەرسی تێراپی گیرۆدەبوون دەخوێنم، هەڵبەت خوێندنەکەم هەموو چەشنە گیرۆدەییەک لەوانە گیرۆدەبوون بە مادەی سڕکەر، ئالکۆل، قومار، سێکس و خواردن دەگرێتەوە. بەڕاستێ لە باری کاری ئەدەبییەوە، بێجگە لە یەک شیعر بەر لە شۆڕش هیچ شیعرێکم نەماوە. لە ساڵی (1999)–ڕا تاکوو ئێستا حیسابم لە دەست دانییە چەند وتاری کورت و درێژم نووسیوە و، وەرگێراوەتەوە سەرکوردی .کتێبی "داستانی دوو شاران" هی چارلز دیکنز و کتێبی

"پرسی ژێندەر"-یشم وەرگێراوەتەوە؛ هەڵبەت لە سوئێدییەوە بۆ سەر کوردی. هەروەها نزیکەی حەڤدە هەژدە کورتەچیرۆکم نووسیوە".

## -2-1-2پاشکۆ (چیرۆکی "بۆخۆم بوو بۆخۆم")

ئەلف:بابەتەکە یەکەم جار لە دیمانەدا بڵاو بووەتەوە.

لینکەکەی:
http://www.dimane.com/index.php?misc=search&subaction=showfull&id=1106862867&archive=1110495542&cnshow=news&start_from=&

ب: بۆ دۆزینەوەی بابەتەکە بچۆ ئەرشیڤی بابەتەکان، مانگەکانی جانواری، فێبرواری و مارچ ساڵی 2005،

http://www.dimane.com/index.php?dosearch=yes&story=&title=&user=&from_date_day=1&from_date_month=1&from_date_year=2005&to_date_day=31&to_date_month=3&to_date_year=2005&search_in_archives=TRUE

پ: دەقی بابەتەکە لە دیمانەدا لەگەڵ نۆ بۆچوون: بۆخۆم بووم بۆخۆم...
مەرزە جەوانمەرد 2005.01.27

سێ ساڵان هەوڵماندا کەس پێ نەزانێ. تاکو هەل ڕەخسا و زەماوەندمان کرد. تەنیا شتێکی لەملا و ئەولا دەمبیستەوە و یان ڕاستەوخۆ پێم دەگوترا: "حیزب مێردی بۆ پەیدا کرد"!
مەرزە

بە بۆنەی ئەوەی کە خوێنکارێکی باش بووم وێڕای پۆلێک خوێندکاری تر لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە بە مەبەستی سەفەرێکی چەند ڕۆژە بۆ هاوینەهەوارێک بانگهێشتن کرابووم. درۆ نەبێ زۆرێک لە هاوسەفەرەکانم خوێندکارێکی ئەوتۆ نەبوون. لەو سەفەرەدا من و "نازێ"ی دەستەخوشکم و "ئاغا"ی مامۆستای سەرپەرشتمان، هاوشاری بووین. سەیرانگاکە گەورە و خۆش بوو، خێوەتێکی زۆریان لێهەڵدابوو، بە سەدان کچ و کوڕی جەحێڵی لە سەرانسەری وڵات تێدا کۆببۆوە. ڕۆژی هەوەڵ وێڕای دیاریکردنی جێگا و ڕێگامان، پرۆگرامی ڕۆژانەی ئەو ماوەیەیان داینێ. بەشی هەرە زۆری پرۆگرامەکە سەما و گۆرانی بوو، یانی ئەو دوو بابەتەی کە زۆرم پێخۆش بوو بەڵام ئێستەش کە ئێستەیە بە سەری سپی هەر تێیدا لاوازم.

دوای دانانی بارگەوبنە و خواردنی نانی نیوەڕۆ، بێ پشوودان وێڕای نازێ بێ ئیزن وەرگرتن لە ئاغا، بۆ خولانەوە کەوتینە ڕێ. بە کەیفی خۆمان چاومان لە کوڕان کرد. جوان، ناحەز، خوێن تاڵ، خوێن شیرین...، سوێندەکە هیچ چاوبڕکێنێکمان نەکرد. تەواو سەروبنی سەیرانگامان پشکنی. ئێوارە درەنگایەک لە برسان و لە ماندوویی‌یان گەڕاینەوە لای خێوەتەکەمان. دیتمان هاوسەفەرانمان چاوەڕوان ڕاوەستاوەن و ئاغاش لە نێوانیاندا. سلاومان کرد، کەس وەڵامی سلاوی نەداینەوە. ئاغا بە تووڕەیی گوتی: "دەکرێ خانمان بفەرموون تا ئێستێ تەشریفیان لە کوێ بوون؟" نازێ بە مەزڵومی و پاڕانەوە دەستی بە درۆیان کرد: "وەڵلا ئاغا ڕێگامان لێی ون ببوو!" من زۆر جامینی ئاغام نەدەویست و بۆم گرینگ نەبوو دەڵێ چی و ناڵێ چی، هەر بۆیە کێشەکەم بۆ نازێ بەجێهێشت و ڕووم لە ئەوانی تر کرد و پرسیم: "نەچین نانی بخوێن؟" ئاغا ئەوەندەی تر تووڕە بوو و گووتی:"خانمینە، ئەمن لە گوێی ماسیدا نەنووستووم!" نازێ دیسان وەڵامی داوە: "ئاغا، بۆ باوەڕ ناکەی ڕێگامان لێ"...

–وشیار بن ڕێگاتان لێی وەنەکەن !

ئاغا هەروا بە تووڕە و بە زیزی بەرەو نانی شەو خواردن وەپێشمان کەوت و لە داخ ئێمە لە ئەوانی تریش لالوت بوو. لە گەڕانەوەدا بەر لەوەی بچێتەوە خێوەتی خۆی گوتی: "هەر ئەمشۆ پێویستیمان بە کۆبوونەوە هەیە! تا دە دەقیقەی تر دێمەوە لاتان دەبێ لەگەڵتان بدوێم".

زۆری پێنەچوو ئاغا لێمان پەیدا بۆوە.، بێ ئەوەی چاو لە ئێمە واتا من و نازێ بکا، دەستی بە قسان کرد: "من لێرە بە جێگای باب و برای ئێوەم...، دەزانن چ خەرجێک بۆ ئێوە کراوە... هەر تاکو ئێوە بە خۆشی ڕایبێرن...، تاک و ترۆک هەن دەبێ خۆتانیان لێ بپارێزن. ...نازێ بە سەروڕوویەکی خۆشەوە هەروەک ئاغا دڵنیا بکا کە ئەو کاری بە هیچ کەس نییە لێی پرسی:

–چۆن بزانین ئەو کەسانە کێن هەتا خۆیان لێ نەدەین؟
–ناسینەوەی زۆربەیان هاسانە. زۆربەی زۆریان سمێڵیان دەڵێی گەسکە کۆڵەیە ...

بە هەڵکەوت هاوشارییەکی خۆمان کە لەوانەیە، ئەویش لێرەیە... بە بیستنی ئەم خەبەرە نازێ چاوێکی لێکردم. ئاغا نەیزانی بەم ئامۆژگارییە چ یارمەتییەکی گەورەی بە من کرد. دەمێک بوو لە کەسێکی ئاوا دەگەڕام. ئاغا دوای پەیامەکەی هاتەوە سەر کەیف و خوڵقی جارانی و گوتی: "جا با بڕۆین بەرەو ئامفی تیاتر". بەزمێکی خۆش بوو، ئاغا زۆر خۆشحاڵ بوو، منیش بە دەرفەتم زانی و لێم پرسی:

–ئاغا، دەکرێ ئەگەر کۆڕەکەی خۆمانت دیت پێم نیشاندەی؟
ئاغا چاوێکی سەیری لێکردم، مات ما، و دوایە گوتی – :باش!
یەکەوبەدووم لەگەڵ نەکرد. بەڵام، لە دڵی خۆمدا گوتم هەر دەبێ بیبینمەوە.

ڕۆژی دوایە پاش بەرنامەی تایبەتی بەیانانە، کاتی ئازاد دەستی پێکرد. نازێ لێپرسیم،چ بکەین؟
گوتم –:یانی چی، "چی بکەین؟" دەڕوێن لێدەگەڕێن!نازێ سەرێکی هەڵسووڕاند و گوتی:
–ئەتۆ و ئاغا هەردووکتان شێتن–! تکایە، ئەوەش بڵێ ئەو لە ترسان شێت بووە.
دوای دەمبەدمەیەکی سووک، وەڕێکەوتین. هەر سمێڵ گەسکیمان دیتبا لە دەوری دەخولاینەوە و گوێمان هەڵدەخست تا بزانین بە چ زمانێک دەدوێ. ڕۆژمان بە بێ دەسکەوت تەواو کرد. شەوێ لە جێگایەدا، نازێ پرسی:
–بەیانی لە کاتی ئازاددا چی بکەین؟
–دیسان گوتت چ بکەین! دەچین لێی دەگەڕێن!
–ئەمن نایەم، بۆخۆت بڕو!

بەیانی لەکۆڵ نازێ نەبوومەوە. من بە دڵ و ئەو بە نابەدڵی وەڕێکەوتین. زۆر لە خێوەتەکان دوور نەبوێنەوە، چاومان بە دوو کوڕان کەوت، لەسەر چیمەن دانیشتوون و بە دەنگی بڵێند بە زاراوەی خۆمان دەدوێن .وردەوردە لێیان نزیک بووینەوە و ئێمەش بە ئەنقەست بە دەنگی بڵێند دەستمان بە قسان کرد تا ئەوانیش گوێیان لە دەنگی ئێمە بێ. فەرموون، فەرموویان لێدانانەوە. ئێمەش چووین لەلایان دانیشتن.
– ...
– ...
–ئێوە، هاوشارییەکان چەند کەسن؟
–ئێمە سێ کەسین.
–ئەدی ئەوی ترتان کوا؟
–ئەو زۆرتر قەراخ ئاوی پێخۆشە، وابزانم ڕۆیشتووە بۆ مەلە.
بۆ ئەوەی زانیارییەکی زیاترمان وەچنگ کەوێ، لەخۆمەوە بە درۆ گوتم:
–دوێنێ دیتمان، قەد و باڵای وەک تۆیە، هەر وەک تۆش بێ سمێڵە و ...
–نا، حەمە یەکی باڵابەرزی ڕەشتاڵەی سمێڵ زلەیە...
بە بیستنی ئەم ناو و نیشانانە لەگەڵ نازێ چاوێکمان لێک کرد. ئیتر دانیشتن لەلایان بە فێڕۆدانی تەمەن بوو .هەرکە لێیان دوور بووینەوە، دوو بە دوو تێر پێکەنین. بەرەو قەراخ ئاو وەڕێکەوتین. چەند جاران ئەوسەر ئەوسەرمان کرد. کۆڕمان دەدیتەوە بە هەمان نیشان بەڵام زمانەکەیان هەو نەبوو. هەردووک ماندوو بووین، ئەو ماندووبوونە منی لاسار و نازێی فەیلەسۆف کردبوو. نازێ گوتی :

-دەڵێن هەژار لە خودا زرنگ لە زێڕ، شێت لە عیشق و بێکار لە دەردەسەر دەگەڕێ!
ئەتۆ بۆ خۆت دەزانی کامیانی!

لە گەڕانەوەدا نزیک خێوەتی خۆمان چاومان بە ئاغا کەوت کە بە پێوە ڕاوەستاوە و کوڕێکی ڕەشتاڵەی سمێڵ زڵیش لەسەر بەردێک بەرامبەری دانیشتوە و پێکەوە قسان دەکەن.
-ئەوەتا!
-بۆخۆیەتی!
ئاغا ئێمەی نەدیت، ئێمەش خۆمان ئاشکرا نەکرد و لە شوێنێک دانیشتین ئەوان نەمانبین، بەڵام ئێمە ئەوانمان دەدیت. هەرکە ئاغا ڕۆیشت چەند خولمان لە دەوری لێدا، نازێ گوتی:
-ئەو گێژە، دەنا چۆن ئێمە نابینێ؟ کوێر بە کوێری خۆی دەنگێکی گوێ لێبێ سەر هەڵدێنێ.
ئێمە کە هەردووکمان قسەکردن لەگەڵ ئەم و ئەومان زۆر بەلاوە ئاسایی بوو، ئێستە هیچکاممان نەماندەویست هەنگاوی هەوەڵ هەڵێنین. من دەمزانی ئێمەی دیتووە، من چاوم بە چاوی کەوت، بەڵام وەک نهێنییەک نەمویست لای نازێ ئاشکرای بکەم. ئەمن بە مەبەستێکی تر پێم خۆشبوو بیناسم. هەستم کرد هەروا سووک و هاسان مەبەستەکەم گۆڕا، هەر بۆیە پێم گوت با بڕۆینەوە. نەم توانی جارێکی تر تەماشای کەمەوە...
نازێ لە هۆی گۆڕینی کوتوپڕی بڕیارم نەگەیشت. هەر دەیپرسی بۆ ئاوا بێوازی، منیش سوێندم بۆ دەخوارت کە سەرم دێشێ!

شەوێ زووتر لە شەوان چووین لە جێگاوە لەنێو قساندا، باسەکە چۆوە سەر ئەو. لە نازێم پرسی:
-تۆ بڵێی دۆستی هەبێ؟
-جا ئەوە دۆستی هەبێ و نەبێ چییە!
-بۆ؟
-پێم وابێ نە کەس مێردی پێدەکا و نە هیچ بابێک کچی خۆی دەدا بە یەکی ئاوا. بۆ وێنە من خۆم قەت مێرد بە هی ئاوا ناکەم.
-بۆ؟
-چونکە من حەوسەلەی ئەوەم نییە سبحەی ڕۆژێ بە منداڵێک لە سکدا یەک بە باوەشەوە، یەک بە دواوە و چارشێوی شڕ بە سەرەوە، ئەو دەرک و ئەم دەرکی زیندانان بکەم. ئاخرییەکەشی ئەو لە زیندانێدا ببێتە قارەمان و من لە ماڵێ ببمە قازەوان. بابەکانیش بۆخۆت دەیانناسی!
-ئەدی کتێب خوێندنەوە و قسە زلەکانت لە چییە؟

–دەیانخوێنمەوە وەلی باوەڕیان پێناکەم. هەر ئەوانەی ئەو کتێبانەیان نووسیوە باشترین ژیانیان هەبووە. ئەمن هیچم لەگەڵ پشیلە دزەکەمان پێناکرێ، چ بگا بە "گا زەرد."
قسەیەک لەمن و دوو لە نازێ هەر چۆنێک بێ خەومان لێکەوت. ڕۆژی دوایی بەرنامەی گەڕانی نێو دارستانمان هەبوو. لەبەر ورتەورتی دڵم ئاگام لە دنیا بڕابوو. دارستانێکی شینی گەورەی پڕ لە داری بڵیند و جوان، هەروەک دەریای تەنیشتی هەوەڵ و ئاخری وەدی نەدەهات. ئەوەندەی ئەوان بەرز و بەرین بوون، ئەوەندەش دڵی من وێکهاتبوو.
ئاغا پێی ڕاگەیاندین: "سبەی هەموو تێکڕا دەچینە نێو شار و دیتنی چەند شوێنی خۆشی شارەکە. ئەگەر کەسێک ویستی دیاری و سەوقات بکڕێ، دەرفەتێکی باشە. هەموو دەبێ بێن، کەس نەخۆش نابێ و کەس بەجێی نامێنێ"!
لە کەمترین چرتەدا گەورەترین کارەساتم لێقەوما. بڵێی تازە قەت بیبینمەوە؟ ڕۆژی دوایە بەرەو ماڵ گەڕاینەوە .دوای سەفەرەکە نە تەنیا سەر قاڵ بووم و دڵ قالیش بووم، زۆر کەم هەڵدەکەوت یادی نەکەم. ئێوارەیەکی دەرەنگ دەگەڕامەوە ماڵێ هەستم کرد لەم زەردەپەڕەدا شەبەقێک وە دموچاوم کەوت، سەرم هەڵێنا... بۆخۆێ بوو . تەمشای دەکردم... بە جێگەی ئەوە هەنگاوەکانم شل کەمەوە، تووندم کردن. ...

مانێگ لەم تێکهەڵەنگووتنە تێپەڕی. بوونی لە مندا ڕیشەی داکوتابوو، لەبیر کردنی لە دەسەڵاتی مندا نەبوو. دوایین ڕۆژەکانی پاییز بوو و بۆنی زستان دەهات کە گەیشتمەوە ماڵ. خات مەنیجی جیرانمان لەگەڵ دایکم لە ژوورێ دانیشتبوو. مانگێک دەبوو کوڕەکەی خات مەنیج ڕویشتبوو بۆ سەربازێ، ئێستە هەوڵین نامەی گەیشتبوو و هێنابووی بۆی بخوێنمەوە. نامەکەم لێوەرگرت. کوڕە باسی هەموو شتێکی بۆ دایکی کردبوو، سەعات چەند دەنوێ، لە خەو هەڵدەستێ، چ دەخوا، چ دەکا و هاوڕێکانی کێن. لە کاتی خوێندنەوەدا چاوم بە ناوی ئەو کەوت، لە خوێندنەوە وەستام، بە زەحمەت توانیم بەردەوام ببمەوە. بە تەواوبوونی نامەکە ئادرێسی سەر پاکەتەم لەبەر کرد، ڕوێشتم زوو لە دەفتەرەکەمدا نووسیومەوە.

سێ ساڵان هەوڵماندا کەس پێ نەزانێ. تاکو هەل ڕەخسا و زەماوەندمان کرد. تەنیا شتێکی لەملا و ئەولا دەمبیستەوە و یان ڕاستەوخۆ پێم دەگوترا" :حیزب مێردی بۆ پەیدا کرد"!
هەر ئەوشتەی کە هەوڵم دەدا کەس پێنەزانێ، ئێستە دەبوایە جاڕی بۆ بکێشم و بڵێم :
–نە "حیزب" بوو نە "ئامەخان". بۆ خۆم بوم بۆ خۆم!
لە وەڵامدا دەیانگوت:
–باشە باش، ئاوا بێ سفەت مەبە، خۆ ئەوە حیزب بوو کە تۆی هینایە گۆڕەپانێ!

دیسان ناچار بووم بڵێم:
–ئەو دەم کە من لە گۆڕەپاندا بووم، حیزب لە "دۆڵ"ەکەش دا نەبوو.

11ی جولای 1999

9 بۆچوون
– لەلایەن ئامانج
بە خوا زۆر ئازا بووی مەرزە، باوەڕ فەرموو من جاران بە کۆڵێ سمێڵیشەوە ( ئێستە شوکر سمێڵم نییە) نەمدەوێرابە لاچاویش تەماشای کچان بکەم. هەرچەن زۆر جاران، وەخت بوو سوێم بێتەوە بۆیان !
جوانت نووسیوە ، دەسو خۆش وێ !

– 28 01 2005 03:27pmلەلایەن شەهلا دەباغی
ژن وەک تاک، زۆر جار سەرەڕای چوارچێوەکانو دەسەڵاتی باڵادەست، سابجێکت بووە. بەڵام زۆر کەس ئەوە نابینن‌و یان لە پڕۆسەیەکی کۆمەڵایەتیدا تەگەرەی دێنە سەر ڕێگا . گرینگ ئەوەیە کە ژنی ئاوا زۆر بن‌و لە کۆتاییدا نەبنە ئۆبێکت. دەبێ بە دەنگی بڵند بگوترێ کە خۆم بووم خۆم‌و بوونم هەیەو شان بدرێتە بەر سەختیەکان ....
دەست خۆش .

– 30 01 2005 08:21amلەلایەن هێمن
دەست خۆش مەرزخانمی گوڵ هەر بژی .

– 01 02 2005 12:59amلەلایەن میرزا
وێڕای دەستخۆشی، خانمی بەڕێز لەم گێڕانەوەیەدا مێردت بە سەربازێک کردووە، ئیدی حیزب(کە دیارنیە چ حیزبێکە) چ پێوەندی بەم بابەتەوە هەیە؟ گێڕانەوەیەکی هەستبزوێنە بەڵام چۆنیەتی پێکەوە گرێدانی کاتەکان و ڕووداوەکان پێوەندیەکی زۆر لاوازی هەیە لەگەڵ (بۆخۆم بووم بۆ خۆم). گریمان کوڕەکە لە دواییدا دەبێ بە حیزبی ئەو کات دەگوترا کە حیزب ژنی بۆ دۆزیەوە. پێناسەی کەسەکان لە گێڕانەوەکە دا وانیشاندەدا کە کوڕەکە کەس ژنی ناداتێ، لەبەرامبەردا خۆت خوێندەوار و بێ گیروگرفتی لەم بارەیەوە!. لە خوێندنەوەی یەکەمدا لایەنی هونەری نوسراوێک بە قەدەر واتا گرینگ نیە بەڵام لە خوێندنەوەی دووەمدا ئەگەر لایەنە هونەریەکان نەبن ڕەنگە جارێکی تر ئەم نوسراوەیە نەخوێندرێتەوە. لە کۆتاییدا دەڵێم هەوڵێکی جوانە، لێ ووردبونەوەی زیاتر بەرهەمی جوانتر دروستدەکا .سەرکەتووبن .

– 02 02 2005 12:07pmلەلایەن هاشم
کاکی میرزا!!
تۆ لەچیرۆک ناگەی، تاوانی نووسەر چییە! بە وردی تا ئاخر بیخوێنەوە !

– 02 02 2005 05:16pmلەلایەن میرزا
کاک هاشم، مافی خۆتە پێم بڵێی تێناگەی بەڵام منیش مافی خۆمە لێت بپرسم، بۆ تێناگەم؟ من هیچ تاوانێکم نەداوەتەپاڵ نوسەر، بەرێزت خەریکە ناڕاستەوخۆ ئەم کارە دەکەی. من کاتێک دەنوسم پێموایە زۆر لەوانەی کە دەخوێننەوە لە من تێگەیشتووترن بۆیە بێ بەڵگە قسە ناکەم و کە هیچیشم نەبوو بێدەنگ دەبم. فەرموو ڕۆشنبیرانە بۆچوونەکانی من ڕەتکەوە، لەپێش هەموو کەسدا خۆم پیرۆزبایت پێدەڵێم.
سەرکەوتووبن .

– 02 02 2005 10:25pmلەلایەن هاشم
کاکی میرزا!
من ناتوانم ئەقلییەتی تۆ بگۆڕم، تەنیا داوات لێدە کەم وەک چیڕۆک بیخوێنەوە نەک وەک مەقالەی ئاکادیمی و تا ئاخر بە وردی بخوێنەوە .

– 03 02 2005 08:32amلەلایەن شەونم
منیش دەڵێم دەست خۆش !بەڵام بە ڕاستی دوو جار تا کۆتایی خوێندمەوە، تێنەگەیشتم ئەو کابرا سمێڵە کێ بوو، پێشتر دڵدارت بوو یان لە سەفەرەکە بۆ یەکەم جار دیت و ئاشقی بووی؟ ئایا ئەو ئەندام، هە وادار. هتد پارتێک بوو بۆیە بە تۆیان ووت حیزب کردی، یان مەبەستت ئەوەیە (هەرچەند هەردوکتان دوایی بوونە ئەندامی یەک پارت) کە پێش حیزب و حیزبایەتی تۆ دەستە گوڵی خۆت هەڵبژاردبو بە مەیل و بڕیاری خۆت؟ حەز دەکەم ئاخرین دێڕم وەڵامی راستەقینە بێ. بژیت !

– 03 02 2005 10:05amلەلایەن میرزا
کاک هاشم، نەزانین تاوان نیە پێموایە بەڕێزت شتێکت نیە بۆ ووتن. پێموابوو دەتوانین زیاتر بدوێین بەڵام بەداخەوە. سەرکەوتووبن

ئەم بابەتە بەهۆی گرفتی تێکنیکی نەکرا بە فایلی HTML بڵاوبکرێتەوە بۆیە کرا بە PDF .

حەعفەری حەسەنپوور